www.kurdistannet.org
**بةكا**تي **ناوةندي ئةوروثا** 0:33 22-5-2005

# سەرکۆمارنامە

5

**حەمەسەعید حەسەن**

وەرگری خەڵاتی ئاراس

کە لە بەرازیل بوویت، ینک دووریی تۆی بە هەل زانی و غەدرێکی گەورەی لە من کرد. نووسەران و کۆلکەنووسەرانی چیا، هاتنە خەڵاتکردن و بەندەی موخلیستان فەرامۆش کرا! وەک ئاگادارن من هەم نووسەرم، هەم چوار پێنج ساڵی ژیانم لە شاخ بەسەر بردووە، هەم پێنج شەش کتێبێکم لە شاخ بۆ چاپ کراوە و هەم ساڵێکی ڕەبەقیش هەفتانە دوو بەرنامەم بۆ ڕادیۆی ینک نووسیوە، بۆیە گەر چی منی سەر بە دەستەبژێر، پێم ناخۆشە لەگەڵ عەوامدا خەڵات بکرێم و ئەگەر ناویشم لە لیستی ڕێزلێنراوەکاندا بووایە، بە هەلەکەسەما بۆ وەرگرتنی خەڵاتەکە ڕێی کوردستانم نەدەگرتە بەر، وەلێ پشتگوێخستنم تووشی دوودڵیەکی سەیری کردم، لە دڵی ناسکی خۆمدا گوتم: حاڵ لە دوو فەقەرە بەدەر نییە، دەشێت من نووسەر نەبم، یان شاخم نەدیتبێت!

*

لە سوێد، هەوڵ دەدرێت منداڵ هەر لە باخچەی زارۆکانەوە، فێری ئەوە بکرێت ڕەخنەگرانە سەرنجی شتەکان بدات. سەرکۆمار تەمەنی لە حەفتا هەڵکشاوترە و هێشتا پێی وایە، ڕەخنە جنێوە و ڕەخنەگریش جنێوفرۆش، بۆیە سەرانی ینک کە ڕەخنەیان لێی هەبێت، زات ناکەن ڕوو بە ڕوو پێی بڵێن، ئەوانەشیان کە بە نامەیەک ڕەخنەیان لێ گرتبوو، یەک یەک هەموویانی ناچار کرد، نەک هەر پاشگەز بینەوە، بەڵکوو بە نووسینی بەیعەتنامەک، بەیعەتیش تازە بکەنەوە. هەر ئەم ڕەخنە بە جنێو زانینە، کارێکی کردووە، ئەوی ڕەخنە لە ینک بگرێت و لە مەدای گوللەی هەڵۆی سووری قەندیلدا نەبێت، دەدرێتە بەر ڕێژنەی جنێو.

د. بەرهەم سالح هەستی کردبوو، فێڵ لە سوێندە یاساییەکەدا کراوە، بۆیە سوێندەکەی بە دروستی خوارد. ئەو دەیتوانی پێش ئەوەی سوێندەکە بخوات، بڵێت: ئەو سوێندەی ئەوانی پێش من خواردیان، کەموکووڕی تێدا هەبوو، وا من بە دروستی دەیخۆم. دەزانن بۆچی وای نەکرد؟ چونکە نەیدەزانی پەرچەکرداری سەرکۆمار چی و چۆن دەبێت، ترسی ئەوەی هەبوو، هەر لەوێدا، دەستبەجێ سەرکۆمار بچێتەوە بە گژیدا و شووشەی شکۆی بشکێنێت.

ئایا ینک قابیلی نوێکردنەوەیە یان نا؟ ئەگەر نا، چارەنووسی چییە؟ ئەمانە پرسیاری من نین، هی سایتی (ڕیفۆرم کورد)ن کە سەر بە یەکیەتییە. ئەمەیان پرسیاری منە: ئایا لایەنێک سی ساڵی ڕەبەق بە دوو باڵی گوللە و جنێو فڕی بێت، ئەگەری ئەوە هەیە لە داهاتوودا بە دوو شاباڵی ڕێز لەوی دی گرتن و دیالۆگ بفڕێت؟ سیاسەت هونەری بەڕێوەبردنی ململانێ و ناکۆکییەکانە، بۆیە چارەنووسی ینک بە هەبوونی سەرکۆمارەوە بەندە، ئاخر تەنیا خودی ئەو، باڵە ناکۆکەکانی نێو ینکی کۆنترۆڵ کردووە. ینک کۆلارەیەکە، هەر داوەکەی لە دەستی سەرکۆمار بەر ببێت، مەگەر خودا بۆ خۆی بزانێت، بە چ شاخێکەوە دەگیرسێتەوە.

2005. 05. 21